

# ئەحمەد شەماڵ دەنگێکی میللی رەسەن

ئەحمەد سالار
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

هێشتا وەکو لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووم، ئەو دەمە لە گەڕەکی چوارباغی سلێمانی بووین. هەر کاتێ بە شەقامی سەیوان و سەرشەقامدا گوزەرم بکردایە، ئەوا لە سەراپای ئەو چایخانانەی ریکۆردیان هەبوو، دەنگی (ئەحمەد شەماڵ) تا ئێوارانێکی درەنگ لە دەنگدانەوە کپ نەدەبوو. شەوانی هاوینانیش ئەوا لە سەربانی ماڵانی هەر دوو گەڕەکی چوارباغ و جوولەکەکانەوە، هەر گۆرانیی ئەحمەد شەماڵ بوو. لەناو سەرجەم گۆرانیبێژانی کورددا خەڵکەکە حەیرانی دەنگی ئەم هونەرمەندە بوون، بەرلە هەمووان، چێژێکی تایبەتییان لە دەنگی وەردەگرت، پتر دەنگ و ئاوازەکانی لە تەك گیان و ئارەزووی ئەو خەڵکەدا ئاشنا بوو.

رۆژێ لە رۆژان بە رێکەوت لە شەقامی خواروو کەوتە بەرچاوم، وتیان: ئەوە کاك ئەحمەدە. لەسەرو سیمایدا کابرایەکی حەسرەتکێشی خێرنەدیوی دەنواند، پۆشاکێکی تەواو فولکلۆری، جامەدانییەکی تۆزاوی و پەستەکێکی خورمایی و شەرواڵ و مورادخانییەکی بۆری لەبەر بوو، پشتێنێکی رەشی توند لە ناوقەدی شەتەك درابوو، جگەرەیەکی زەل بە لالێویەوە هەنگاوی دەنا، گەیشتە سەر شەقامی سەیوان و ئەوسا پەڕییەوە ئەو بەر و بە دەستە چەپدا چووە سەر شەقامی (مەحوی) و گەیشتە بەردەم گەرماوی (سورەت)، ئەو گەرماوەی ناو و شۆرەتەکەی لەو وێنانە هاتبوو کە لە سالانی سییەکاندا (حەسەن فەلاح) چەندین وێنەی جوانی لە سەر دیوارەکانی کێشابوو، بۆیە بە(سورەت) بەناوی بوو. ئەوسا زانیم ئەم هونەرمەندە میللییەی کە سەدان هەزار خەڵکی بەتایبەت، رەش و رووت و زەحمەتکێشی شارەکەم ئاشق و پەرۆشی دەنگین، لەو گەرماوە توتنچییە و پاشان ناسیم و دیمەوە لە بەردەمی گەرماییەکەدا کۆلکە چایخانەیەکی هەیە و کە دوو سێ تاك لەو جۆرە کورسییانە بە پاڵپشت و بە لقی دار دروستکراو، دانرابوون، هەر لەبەر ئەو شوێنەدا رۆژانە چەند باوەشێ وێنجەی دادەنا، خەڵکی وڵاخدار، بەتایبەت عەرەبانچییەکان لێیان دەکڕی بۆ وڵاخەکانیان، خۆیشی کاتێ لە کاری (توونداخستن)ەکەی دەبوویەوە، لەسەر تاکێ لەو کورسییانە دادەنیشت و جامەدانەکەی قیت دەکردەوە و جگەرەیەکی پێ دەکرد و لەبەر خۆیەوە، بە دەنگێکی گڕی دەوڵەمەند و لەرینەوە نەرمە نەرمە گۆرانییە خەمبارییەکانی دەگوتەوە. چاوی دەبڕییە بەرزاییەکەی بەرامبەری کە گردی برنج بەباکردن و شوێنی کافرۆشان بوو، ئەو شەقامەی بەردەمیشی هێشتا وەکو ناوی بۆ نەبینرابوویەوە هەر بە شێوە (گراوی) بەتانێ بوو.

وەك لە دەورووبەرەکەیم بیستبوو، ئەم کابرایە، لەگەڵ نەبوونی و نەداریدا، گەنمی دەکڕی و رۆژانە لە سەربان و گومەزی گەرماوەکە رۆی دەکرد، بۆ ئەو پۆلە کۆترانەی هەڵنیشتووی بوون. ئارەزووی کەو ڕاگرتنی زۆر بوو.

بواری گۆرانیی وتنی کۆڕ و دانیشتنی ماڵان بووە. جارێکیان سەربوردەی ئەم هونەرمەندەم بۆ بەڕێوەبەری تەلەفیزیۆنی کەرکووك، کە لە ئاکادیمیای هونەرە جوانەکان پێکەوە قوتابی بووین، گێڕایەوە، کە بەو هەموو جەماوەرەوە هیچ لایەنێك ئاوڕی لێ نادەنەوە! وتی: هەر کاتێ ناردت، ئەوا دەسبەجێ گۆرانییەکانی بۆ تۆمار دەکەم، هیچ خەمت نەبێ، بە سەرچاو.

لەو سالانەدا سەرپەرشتیی بەرنامەیەکی رۆشنبیریم لە زانکۆی سلێمانی دەکرد، سەردانم کرد و رێککەوتین، فلانە رۆژ لەگەڵ خۆمدا بیبەم. لە کاتی دیاریکراودا بەیانییەکی زوو لەگەڵ مامۆستا فریاد فازڵ زەنگەنە کە پێشکەشکاری بەرنامەکە بوو، واتە بەرنامەی (ئاسۆی زانکۆیی)، ئەحمەد شەماڵ درەنگ درەنگ ریشی دەتاشی، بەڵام هەر زوو ئاگادارم کردبوو ریشی جوان و پەرداخ تاشی



بکات و جلێکی ڕێکوپێك و جامانەیەکی قیت ببەستێ، کەوتینە ڕێ و لە بازیان مامی کاك فریاد چێشتخانەیەکی باشی هەبوو، لامان دا و وتمان نانمان خواردووە، تەنیا چا و گۆشتاوی بۆ هێنایین، پاشان گەیشتینە چەمچەماڵ، هەر چاوە چاوی بوو، تومەس فێرە بە سەرگەرمی گۆرانی دەڵێ، بەرهەرحاڵ چووینە بەردەم یانە و هەرچۆنێ بوو، پێکێکی پەیدا کردبوو، بەڵام ئەو دەرمانی سەرگەرمکردنەی کێشەی بۆ نایەوە. لە دیمانەیەکی ڕادیۆییدا گوێم لە سەربوردەکەی بوو، گوایە من گوێم پێ نەداوە!

لە بن قەڵا خەریکی قەل کڕین بووم، سەردانیم کرد.

بۆ جارێکی دیکە بردمەوە کە گوایە لە چوراچێوەی بەرنامەکەدا گۆرانییەکەی کە (ئای ئای) گەرمیانی بوو، بۆی تۆمار بکەین، پێویستیمان بە ژەنیار بوو، بەڵام تیپەکان بەداخەوە، ئەو بایەخەیان بە گۆرانیبێژی میللی نەدەدا، داوام لە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (جەمال کابان) کرد بە ئامێری (زەرب) بەشداری بکات و بەرەو کەرکووك بەڕێکەوتین. لە ڕێگا لێم پرسی: خاڵە ئەحمەد حیسابی سەرگەرمکردنەکەتت کردووە؟

-: بەڵێ خاڵە گیان، هەر زوو مشوری خۆمم خواردووە. خاڵە مارانگازم، دەستی بۆ باخەڵی برد، سەلکێ تووری مەولانا و چارەکێ عارەقی ڕەشی گیراوەی دەرهێنا، تومەس پێشتر چارەکێکی فت کردبوو. هەر لە ڕێگا ئەو چارەکەشی هەڵقوڕان و هەر قومێکیشی قەباڵێکی لە سەلکە توورەکە ئەگرت و بە قۆڵی خاوێنی دەکردەوە. وتی: با ئەمجارەش کابراکەی ئەوجارە نەمانکاتەوە بە فلیم. بەهەرحاڵ ئەمجارە برادەرە بەڕێوەبەرەکەش بەپیرمانەوە هات و بە سەلامەتی گۆرانییەکەمان تۆمار کرد. هاتینە دەرەوە وتی: دە خاڵۆ بڕۆ لەبن قەڵا قەلەکەی خۆت بکڕە، دیار بوو خاڵە ئەحمەد شەماڵ زەوقی قنج و دەماغی بەرز بوو، بۆیە هەر لەبەر خۆیەوە گۆرانی ئەچڕی.

دیارە ئەم گەلە کلۆڵەی ئێمە هەر وای بۆ بڕاوەتەوە کە ڕقیان لە خۆیان بێ و غەیرەیان خۆش بوێ، دوژمنانیش هەر زوو دەرکیان بەوە کردووە، بۆیە هەر لەیەکیان بەرداون.

بۆ ڕۆژی دوایی گلەییم لە هونەرمەندان کرد، کە دەبوو هاوکاریمانیان بکردایە و وتم: بەداخەوە ڕێز لە هونەری میللی ناگرن، لە کاتێکدا مەزنە گۆرانیبێژی کورد (حەسەن زیرەك)، نموونەی باڵای گۆرانیی میللی کوردییە و گەنجینەی بەهاداری فولکلۆری کوردییە. بەڵام هەروا نابێ، ڕۆژی دادێ، قەدری ئەو جۆرە هونەرە بەرز بگیرێ، هەرواش دەرچوو. ئەوە بوو (د.عەبدوڵا جەمال-ع.ج.سەگرمە) بەهای بە گۆرانییەکانی (ئەحمەد شەمال) دا و، پاشی مەرگی ئەحمەد شەماڵ پێیدا چووەوە و ئەو شاکارانە دەرچوو، کە چووە دڵی هەمووانەوە.

دەرهێنەری خوالێخۆشبوو (بەختیار سیامەنسووری) سەردانی کردم و وتی: ئەوە کاك (جەلال چەرمەگا)م قایل کردووە بچێتە ژێر باری فلیمێکی ڤیدیۆیی (یۆماتیك ) دەمەوێ سیناریۆی کارێکی کوردیم بۆ ئامادە بکەیت.

ئەو دەمە خوالێخۆشبوو (ڕەفیق فایەق) توانایەکی چاکی لەو بابەتەدا هەبوو، ئاگادارم کرد، ئەویش چیرۆکەکانی خستە بەردەستم و منیش کەوتمە کاری ئامادەکردن و سیناریۆ نووسینەکە و ئاگاداری کاك بەختیارم کردەوە، دەسبەجێ لە بەغدادەوە هات و کەوتینە قسە لە سەر کارەکە و ئەکتەرەکانم بۆ دەسنیشان کردو لەگەڵ کۆمپانیای (ئەلحەزەر) ڕێککەوتین و دەستمان بە تۆمارکردن کرد. بینراوی ئاهەنگێکی ناو ماڵی تیادابوو

هەر ئەو بەیانییە دیکۆرەکەم تەواو کرد و پاشان لەگەڵ هونەرمەند کاك (بورهان محەمەد) سەردانی کاك ئەحمەدمان کردو بە زۆر ریشمان پێ تاشی و کەمێك خۆی قیت و قینج کردەوە و بەرەو بارەگای تیپەکەمان کەوتینە ڕێ، هەمووان ئامادە بوون و دەستمان بە تۆمارکردنی بینراوی ئاهەنگەکە کردو بە جوانی بەڕێوەچوو، کاك (حاجی عەباس ئەبو شوارب) بە دەف و سەما هێندەی دیکە ئاهەنگەکەی گەرم کرد، ئەوە دووەم جار بوو کە بە جوانی بەرهەمێکی کاك ئەحمەد تۆمار بکرێ، بە بەشداریی هونەرمەندان ئەحمەد محەمەد و بورهان محەمەد. کاسێتی ڤیدیۆکە بڵاوکرایەوە و گەورەترین پانتایی بینەرانی لەخۆ گرت.



## ئیلهام مەدفەعی:

# شۆڕشی تەکنەلۆژیا بۆتە هۆی مردنی خێرای کارە هونەرییەکان

**بە شانازییەوە دەڵێم من دایک و باوکم کوردن، دایکم شێروانییە و باوکیشم دزەییە، بەڵام لە بەغدا لە دایکبووم و خوێندن و پەروەردە و گەورەبوونیشم هەمووی لە بەغدا بووە**

**ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٩ لە ئێوارەکۆڕێکی کراوەدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند و هونەردۆستان و هەوادارانی گۆرانیی مۆدێرن و هاوچەرخ، هونەرمەندی ناسراوی جیهانی ئیلهام مەدفەعی تیشکی خستە سەر چەند لایەنەکانی تایبەتی ژیانی هونەریی خۆی، لێرەدا بەشێک لە وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

ئا: خەلیل بلەیی – فۆتۆ: کمال ئاکرەیی


**مەبەستم ئەوە نییە کە تەنیا پشت بە فۆلکلۆر ببەسترێت، چونکە ئێمە دەتوانین گۆرانییەکی هاوچەرخ بەرهەم بهێنین، کە گشت تایبەتمەندییەکانی گۆرانی کۆنی تێدا بێت**

**گۆرانی تایبەت پێشکەش دەکەم، کە زۆربەیان گۆرانی فۆلکلۆرین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە گۆرانییە کۆنەکان ئێستا لە بەردەستدان، ئەوا بۆ بەراوردکردنی گۆرانی نوێی دەخرێتە بەردەم، بۆ ئەوەی خەڵک گرنگی نوێبوونەوە بزانێت**

سەبارەت بە سەرەتاکانی ژەنینی گیتار، ئیلهام مەدفەعی دەڵێ: لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا تەنیا چەند کەسێك دەژەنیاری گیتاربوون، ئەو کات بۆ بیستنی گۆرانی قەوان ئامێرێکی باو بوو، دواتر کاسێت هاتە ئاراوە، پێموابێ لەساڵی ١٩٥٦ تەلەفزیۆن هاتە عێراق، کە بۆ ئەو کات شۆڕشێك بوو، بۆ ئێمەش دەرفەتێکی باش بوو، ئەو کات ڤیدیۆ لە کوەیت پەیدا بوو پێش ئەوەی بێتە عێراق، بیرم دێ گۆرانییەکانی نازم غەزالی لە کوەیت تۆمار دەکران، ئینجا دەهێنرانەوە عێراق، بە جۆرێك ئەوان پێش بەشێکی زۆری عێراقییەکان نازم غەزالییان ناسی، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا سیدی پەیدا بوو، ئێستا لەمەش تێپەڕی کردووە و هەر کەسێك دەتوانێت لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆیەوە گوێ لە هەر شتێك بگرێت کە خۆی دەیەوێ، مۆبایلیش بووەتە بەشێك لە ژیانی هەموو کەسێك، بەشێوەیەکی گشتی تەکنۆلۆژیا شۆڕشێکی بەرپاکردووە کە بواری هونەریش لێی بێبەش نەبووە. ئیلهام تیشکی خستە سەر لایەنە باش و خراپەکانی تەکنۆلۆژیا و گوتی: رەنگە لە هەندێك لایەنەوە سوودی هەبێت، بەڵام لە بواری مۆسیقا و هونەرەوە بەسەر بەهرەکاندا زاڵ بووە، نەوەکانی بیست و سی ساڵی پێش ئێستا زۆر کاریگەر بوون بە گۆرانی، لاوان کە پشت بە ئیقاعی خێرا دەبەستن و دەتوانین کیبۆردێك هەڵگرن و لەماڵی خۆیاندا ئاواز دابنێن و گۆرانی تۆمار بکەن، لەمەشدا زۆر لە هونەرمەندان دووچاری جۆرێك لە هەڵە بوونەوە، بە جۆرێك نازانین چی لەسەر تەختی شانۆ پێشکەش دەکرێت و هونەرمەندە نوێیەکان دەردەکەون بێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت دێن و دەڕۆن، چونکە گۆرانییەکانیان بە خێرایی لە دایك دەبن و زۆر بەخێراش دەمرن، دەتوانین بڵێین هونەر گەیشتۆتە قۆناغێك کە چیتر خەڵك بەمە رازی نابێت و لەو سەرگەردانییەی لە هونەردا هەیە، دێنە دەرەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو مۆسیقایەی ئێستا پێشکەش دەکرێت، نابێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە رووی دەروونی و جەستەییەوە بحەسێتەوە، بە پێچەوانەوە ماندووتری دەکەن، دیارە گۆڕینی ئەم واقیعەش کارێکی ئاسان نییە، لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە دواکەوتن، ئێستا کەناڵەکانی رادیۆ وتەلەفزیۆن زۆرن، بۆیە رۆژانە دەیان گۆرانیی نوێ بەرهەم دەهێنرێن و کارەکان زۆر ئاسانتر بوون، وەك ئەوەی کە تۆ جەماوەری تیمێکی دیاریکراوی تۆپی پێ بیت، ئەگەر لە ماڵەوەی سەیری یارییەکان بکەیت، زۆر خۆشترە لەوەی پارە بدەیت و بچیتە یاریگا بۆ سەیری یارییەکە، هونەریش بە هەمان شێوەیە. هەروەها لە بارەی پشت بەستن بە فۆلکلۆر وتی: لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە تەنیا پشت بە فۆلکلۆر ببەسترێت، چونکە ئێمە دەتوانین گۆرانییەکی هاوچەرخ بەرهەم بهێنین، کە گشت تایبەتمەندییەکانی گۆرانی کۆنی تێدا بێت و لە رووی پێشکەوتن و خستنەرووی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگەوە، لە گشت روویەکەوە لەگەڵ سەردەمی ئێستامان بگونجێت. سەبارەت بە سەرەتاکانی خۆی و هێنانە ئارای ئەو ستایلەی کە پێی ناسراوە، ئیلهام مەدفەعی دەڵێ: رۆژانی هەینی خانەوادەکەم کۆدەبوونەوە، من و برا و ئامۆزاکانم گۆرانی فۆلکلۆریمان دەگوتەوە، بیرم لەوە کردەوە بۆچی ئەو گۆرانییە کۆنانە بە پیانۆ و ئۆرگ و شێوازێکی نوێ نەڵێمەوە؟ بەجۆرێك کە رۆحییەتی خۆی بمێنێت، دەتوانم بڵێم لەو رووەوە سەرکەوتوو بووم، چونکە ئەو گۆرانییەی بنەمای هونەری تێدا نەبێت، بە هیچ شێوەیەك سەرکەوتوو نابێت و تەمەنی درێژ نابێت، بۆ نموونە: من لە ساڵی ١٩٦٢ گۆرانی (فوگ النخل)م گوت، تا ئێستاش هەست دەکەی گۆرانییەکی نوێیە، دوای دە ساڵی دیکە شێوازێکی دیکەم هێنایە ئارا، سەبارەت بە کاروانی هونەریی خۆم من بۆ جاری چوارەم پەرەم بە هەمان گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرییەکان دا، بۆیە بە یاوەریی تیپێکی مۆسیقی و بە بوونی قانون و جوزە کە ئامێرێکی هاوشێوەی کەمانە مەقام دەڵێم، لە گۆرانی دەستەکاندا کە لە دوای مەقامەوە دەگوترێت، لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەدا گیتاریش بەکاردەهێنم، ئێمە ئێستا درێژەپێدەری هەمان ئەو رێچکەیەین کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا دەستی پێکرد، پێموایە لە هەر قۆناغێکدا هەست بە پێویستیی دووبارە پێشکەش کردنەوەی ئەم گۆرانیانە دەکەم بە شێوازێکی نوێ و گەیاندنی بە نەوەکانی ئێستا، بێ ئەوەی دەست لە کرۆکی کەلەپووری گۆرانییەکە بکەین، بۆیە کار دەکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ زیاد کردنی چەند توخمێکی نوێ کە لە قۆناغەکانی پێشتر جیا بێت، بە شێوازێکی دروست پێشکەشی بکەین. پێموایە هێنانی گۆرانییەك کە تەمەنی گەیشتۆتە هەشتا ساڵ و دووبارە پێشکەش کردنەوەی بۆ نەوەی ئێستا کارێکی ئاسان نییە، چونکە کۆمەڵگەی ئێستا زۆر جیاوازە لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا بەرهەم هاتووە، بە هەمان شێوە بنەماکانی سەرکەوتنی ئەو گۆرانییە لەو کاتەدا زۆر جیاوازە لە بنەماکانی ئێستا، هەروەها منیش گۆرانی تایبەت پێشکەش دەکەم، کە زۆربەیان گۆرانی فۆلکلۆرین، بەڵام لەبەر ئەوەی کە گۆرانییە کۆنەکان ئێستا لە بەردەستدان، ئەوا بۆ بەراوردکردنی گۆرانی نوێی دەخرێتە بەردەم، بۆ

ئـەوەی خەڵـك گرنگـی نوێبوونـەوە بزانێـت.

سـەبارەت بـە گرنگیـی گیتـار لـە ژیانـی هونـەری خۆیـدا، مەدفەعـی دەڵـێ: لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە بـۆ مـن گۆرانـی گوتـن گرنگتـرە لـە ئارەزووەکـە، بـەڵام پیشـەگەریی لـە هونـەردا منـی خسـتۆتە کەشـوهەوای رکابەرییـەوە، پێموایـە هـەر هونەرمەندێـك شـێواز و سـتایلی تایبەتـی خـۆی هەیـە، چونکـە ئێمـە پێویسـتمان بـە هەمـوو شـێوازەکانی گۆرانـی وتـن هەیـە و گۆڕەپانـی هونەریـش شـوێنی هەمـوو کەسـێکی تێـدا دەبێتـەوە، دیـارە گیتاریـش ئـەو ئامێرەیـە کـە دەتوانـم بیژەنـم و بـۆ مـن لـە گشـت ئامێرەکانـی دیکـە لـە پێشـترە، وەتـەر بنەمـای سـەرەکیی کاری منـە، چونکـە بـۆ مـن وەك زەوی وایـە بـۆ جووتیـار، گیتارەکـەی مـن هیـچ تایبەتمەندییەکـی نییـە، گیتارێکـی کلاسـیکە و وەتەرەکانـی وەك هەمـوو گیتارەکانـی دیکەیـە، بـەڵام تەکنیکـی بـەرزە و چارەگـە دەنگـی تێـدا نییـە. سـەبارەت بـەو فیلمـەی کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٦ بەشـداریی تێـدا کـرد، ئیلهـام دەڵـێ: ئـەو فیلمـە دیکیۆمنتـاری بـوو، لـە سـاڵی ٢٠٠٦ فیلمەکـە بەرهەمهـات، کـە دەربـارەی ناوچەکـە بـە گشـتی بـوو لەوانـەش عێـراق، لـە بەیـروت دەرهێنـەری فیلمەکـە پەیوەندیـی پێـوە کـردم بـۆ ئـەوەی بەشـداریی تێـدا بکـەم، فیلمەکـە عێراقـی وا نیشـان دەدا کـە تەنیـا تیـرۆر و کوشـتن و بڕینـی تێدایـە و باسـی لەلایەنەکانـی دیکـەی ژیانـی نەدەکـرد، وەك هونـەر و کەلتـوور، بـەڵام بـەر لـەوەی دەسـت بـە وێنەگرتنـی ئـەم فیلمـە بکـەن، لەگـەڵ دەرهێنـەری فیلمەکـە قسـەم کـرد و پێمگـوت کـە عێـراق تەنیـا پێکنەهاتـووە لـە کوشـتن و بڕیـن، بەڵکـو گشـت لایەنـە جوانەکانـی ژیـان لـەو وڵاتـەدا بوونیـان هەیـە و پێویسـتە ئەمانـەش لەبەرچـاو بگیرێـن، بـۆ وێنەگرتنـی فیلمەکـەش روومـان لـە سـتۆدیۆی سـێرڤ کـرد لـە هۆڵیـۆد. لـە سـاڵی ٢٠٠٧ ئـەو هونەرمەنـدە بـە نیـاز بـوو کۆنسـێرتێك لـە بەغـدا سـاز بـکات، سـەبارەت بـەم کۆنسـێرتە دەڵـێ: ئـەو کات داوایـان لێکـردم کـە کۆنسـێرتێك لـە شـاری بەغـدا سـاز بکـەم، مـن زۆرم پێخـۆش بـوو، بـەڵام ئـەو کات بارودۆخـی بەغـدا و سەرتاسـەری عێـراق زۆر ناخـۆش و ئاڵـۆز بـوو، بەشـێکی زۆری ئەندامـە سـەرەکییەکانی تیپەکەشـم بیانیـن، بۆیـە کـە داوام لێکـردن بچیـن بـۆ ئـەو کۆنسـێرتە یەکسـەر رەتیـان کـردەوە کـە بێـن بـۆ بەغـدا، بۆیـە مـن پێمگوتـن کـە باشـترین شـوێن بـۆ سـازکردنی ئـەم کۆنسـێرتە شـاری هەولێـرە، بـە هـۆی سـەقامگیری و بەرقـەرار بوونـی ئەمـن و ئاسـایش، گشـت ئەندامانـی تیپەکەشـم ئامادەیـی خۆیـان دەربـڕی بێـن بـۆ هەولێـر و گشـت ئـەو کەناڵانـەی کـە سپۆنسـەرن دەتوانـن بـە باشـترین شـێوە بیگوازنـەوە، ئـەوە بـوو یەکێـك لـە خۆشـترین ئاهەنگەکانـی خـۆم لێـرە سـاز کـرد، کـە بـۆ هەمیشـە لـە یادگاریمـدا بـە زیندوویـی دەمینێتـەوە، هـەر لـەو کۆنسـێرتەدا ویسـتم شـتێکی نـوێ پێشـکەش بکـەم، ئـەوە بـوو سروودی نیشتمانیی عێراقیم بـە زمانـی کـوردی گـوت. لـە بەشـێکی دیکـەی دیبەیتەکـەدا ئیلهام مەدفەعـی گوتـی: بە شانازییەوە دەڵێم من دایك و باوکـم کـوردن، دایکـم شـێروانییە و باوکیشـم دزەییـە، بـەڵام لـە بەغـدا لـە دایکبـووم و خوێنـدن و پـەروەردە و گەورەبوونیشـم هەمـووی لـە بەغـدا بـووە، بۆیـە ناتوانـم بـە زمانی کـوردی قسـە بکـەم، بیرمـە دایکم و پوورەکانم بـە کـوردی قسـەیان دەکـرد، لێـرەدا دەمـەوێ ئـەوەش بڵێـم کـە بـەر لـە چەنـد رۆژێك دواییـن بەرهەمـی خۆم لە هەولێر بڵاوکردەوە، کە گۆرانییەکە لـە تێکسـتی شـاعیری گـەورەی تونسـی ئەبولقاسـم ئەلشـابییە، هەروەها لە بەرنامەمدا هەیە کە لە داهاتـوودا کارێکـی هونـەری لەگـەڵ هونەرمەنـدی گـەورەی کـورد هۆمـەری دزەیـی پێشـکەش بکـەم.



# ئەنجلینا گەڕانەوەی بۆ پراد رەت کردەوە

ماڵپەڕی ( Dailymail) رایگەیاند: ئەستێرەی سینەمایی جیهانی ئەنجلینا جۆلی کشانەوەی خۆی لە دەرهێنانی فیلمی ( Africa) راگەیاند، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەگەڵ پارد بێتی کۆنە هاوسەری کار نەکات. ئەم فیلمە بە یەکێك لە کارە هونەرییە گرنگەکان دادەنرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە ئەنجلینا رەتی کردەوە بەشداری بکات، وابڕیار بوو لە سەرەتای ئەمساڵ دەست بە وێنەگرتنی بکرێت و بودجەکەشی (١١٠) ملیۆن دۆلارە و باس لە ژیانی زانای شوێنەواری ناسراوی جیهانی دکتۆر ریتشارد لیکی دەکات، کە لە ژیانی خۆیدا گرنگییەکی زۆری بە پاراستنی ژینگە داوە و، بە هەوڵە بەردەوامەکانی توانیویەتی لە سەرتاسەری جیهان سنوورێك بۆ راوکردنی فیل دابنێت. پێشتر پراد بێت و ئەنجلینا جۆلی بەشدارییان لە چەند کارێکی هاوبەشدا کردووە وەك فیلمەکانی (MR.and Mrs.Smith، BY the sea) و توانیویانە سەرکەوتنێکی بێ سنوور تۆمار بکەن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لێك نزیکبوونەوەیان. بڕیار وابوو پراد بێت رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت و ئەرکی دەرهێنانیشی بە ئەنجلینا جۆلی سپێردرابوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەنجلینا جۆلی بە فەرمی داوای جیابوونەوەی کردبوو لە پراد، بۆیە پاشەکشێی لە دەرهێنانی فیلمەکە کرد.



# ریهانا نیگەرانە

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی جیهانی ریهانا بە هۆی ونبوونی شیرلین کویجلی، دڵتەنگی و بێزاریی خۆی دەربڕی کە یەکێکە لە سەماکارە ناسراوەکانی تیمەکەی، ئەوەش دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك ئەو سەماکارە بێسەرشوێن بوو. بەم بۆنەوە ریهانا لە ئەکاوەنتە تایبەتییەکانی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوای لە جەماوەر و هەوادارانی خۆی کرد، لە هەر کوێیەك زانیارییان دەربارەی شیرلین دەستکەوت، پێویستە پۆلیسی لێ ئاگادار بکەنەوە، لە هەمان کاتدا خەمباریی خۆی بە ونبوونی دەربڕی و بە یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی وەسفی کرد، کە ساڵانێکە یەکێك بووە لە سەماکارە سەرەکییەکانی گرووپەکەی و لە زۆربەی ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانیدا لە سەرتاسەری جیهاندا بەشداری کردووە، هەروەها چەند وێنەیەکی خۆی و شیرلینی بڵاوکردەوە لەو ئاهەنگانەی ئەنجامیانداوە، لە پاڵ وێنەکاندا ریهانا ڤیدیۆیەکی تایبەتی خۆی و شیرلینی بڵاوکردەوە کە تێیدا باس لە گرنگی و خۆشەویستیی خەڵك بۆ یەکتری دەکات، لەم بارەوە ریهانا دەڵێ: بە راستی هەستێکی ناخۆشە، من ئازار دەکێشم




## لیۆناردۆ: پاراستنی ژینگە ئەرکی هەموو لایەکە

ئەستێرەی سینەمای جیهانی (لیۆناردۆ دیکاپریۆ) لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە تویتەر رایگەیاند: جەماوەر دەتوانن فیلمە نوێیەکەم لەسەر ئەنتەرنێت بە خۆڕایی ببینن. لیۆناردۆی پاڵەوانی فیلمی تایتانیك پێشتریش فیلمێکی خۆی بە ناوی before the flood نمایش کرووە کە فیلمێکی دیکیۆمنتارییە و باس لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای جیهان دەکات و یەکێکە لەو فیلمانەی کە لیۆناردۆ لە ژیانی خۆیدا گرنگیی پێداوە، تەنانەت لە ئاهەنگی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار لە فیلمی (The Revenan) باسی لەو فیلمە کرد و لە ژیانی هونەریی خۆیدا بە وەرچەرخانێکی گرنگی دانا. لە بارەی گرنگیی بینینی فیلمەکە لەلایەن جەماوەرەوە لیۆناردۆ دەڵێ: «پاراستنی زەوی ئەرکی هەموو لایەکمانە، چونکە هەست دەکرێ هەسارەکەمان مەترسیی لەسەرە، ئەمەش هەموو لایەکمان لێی بەرپرسیارین، بۆیە پێویستە بە هەموو لایەکیش هەوڵ بدەین بیپارێزین، پاراستنی ژینگە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکان کە پێویستە بەبێ جیاوازی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرین و دژی هەر کەسێکیش بوەستینەوە، کە هەوڵ دەدات ژینگە تێك بدات». لیۆناردۆ هەروەها لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە نایەوێ ئەم فیلمە ببێتە هۆکارێك بۆ ترس و دڵەڕاوکێی خەڵك و بێزاربن لەو ژمارە و داتایانەی کە دەربارەی زەوی بڵاودەکرێنەوە، چونکە هەموو لایەك ئەو زانیارییانە دەزانن، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە گرنگییەکی زۆر بەوە بدرێت کە خەڵك پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان چی بکەن، بۆ ئەوەی هەسارەکە راست بکرێتەوە و نەوەکانی داهاتووش بە ئاشتی بژین.»



## ـــــی هاوڕێکەیەتی

بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێ و ئێستا بیری دەکەن. لەلایەکی دیکەوە دایك و باوکی شیرلین بە تۆڕی هەواڵی NBC یان راگەیاندووە، کە کچەکەیان لە ویلایەتی نیوجیرسی دەژیت و مامۆستای سەمایە، بەڵام ماوەیەکە ون بووە و چارەنووسی دیار نییە، دوای گەڕان و پشکنین پۆلیس توانییان مۆبایلەکەی ئەو سەماکارە لە شوێنێکی فرۆشتنی جلوبەرگی بووك و زاوا بۆزنەوە. شایەنی باسە جگە لە ریهانا شیرلین لەگەڵ چەندین هونەرمەندی ناسراوی دیکەشدا کاری کردووە، مەوانەش (بیونسیە، میسی ئالیوت، جیمی فۆکس).